# بانگەواز بۆ دیفاع لەئازاد کردنی شۆفێرە زیندانی کراوەکان

بۆ ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ

بۆ ڕێکخراوەکانی دیفاع لەمافەکانی مرۆڤ

حزب‌ولایەنە سیاسسەکان

سەندیکاو ڕێکخراوە ئیسانیەکان

دوای سڵاو...

بەرێزان ئاگادارتان ئەکەینەوە کە لە ڕۆژی 17ی تەمموزی ئەمساڵدا، دوای نارەزایەتی دەربڕینی هێمنانەو مەدەنیانەی شۆفێرەکان دژ بەبڕیاری بێکارکردنیان، 12کەس لە سلێمانی دەستگیر کراون و تائێستا هەر لەزینداندان‌و ڕێگەش نەدراوە بە کەس‌وکارو منالەکانیان سەردانیان بکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە دەسەلاتدارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هیچ تاوانێکیان ئاراستەنەکردون‌و بەفەرمانی خودی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تائێستا لەزینداندا هێلراونەتەوە. کە ئەمە پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی مرۆڤو پێچەوانەی پرنسیپەکانی ئازادی بیروڕاو ئازادی نارەزایەتیدەر برین ومانگرتن‌و بیروڕایە.

سەرباری هەوڵەکانمان لە کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بۆ ئازادکردنی گیراوەکان‌و داکۆکیمان لە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی، هاوکات داواکارین لەبەرێزتان کە فشاربێنن بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئازادکردنی ئەوزیندانیانەو ڕێزگرتن لەئازادی بیروڕاو ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی.

لەگەڵ سڵاوی ووبارە

کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

2005/8/8

Email:raprsi2005@yahoo.com
Tel: 07701570050
Fax: 00448701382719